https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.08

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ژیانی فازڵ ڕەسوڵ و گۆڕانی هزری لە مارکسییەوە بۆ ئیسلامی

## ١٩٤٩ – ١٩٨٩

یوسف جمال
بەشی مێژووی زانکۆی سۆران
yjh690h@hist.soran.edu.iq

حسن د. فاخر عالی عەبابەکر
زانکۆی سۆران، بەشی مێژوو
Fakhir.ababkr@soran.edu.iq

**پوختە :**

فازڵ ڕەسوڵ وەک سیاسییەکی ئەکادیمی و خوێندەوارێکی ڕۆشنبیر، کاراکتەرێکی نێو ڕووداوە سیاسییەکان بووە، لە ئاستی ناوخۆی عێراق و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەک: ئێران، لوبنان، میسر، ئەڵمانیا و نەمسا کەسێکی دیار و چالاک بووە، لەگەڵ ئەوەی وەک ئەندامی پارتە سیاسییەکان نمایندەی چالاکییە سیاسییەکانی نەکردووە، بەڵام بەهۆی لێهاتووی و پابەندبوونە هزرییەکانی وایکردووە، نزیکایەتی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان و بیرمەندانداندا هەبێت. ئەم چالاک بوون و نزیکایەتییەی کە لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکاندا هەیبووە، هۆکارێک بوونە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە بارەی ژیان و ڕوانگە هزرییەکانی فازڵ ڕەسوڵ. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: ژیانی فازڵ ڕەسوڵ و گۆڕانی هزری لە مارکسییەوە بۆ ئیسلامی ١٩٤٩ – ١٩٨٩ ئەنجامدراوە، سێ تەوەرەی لەخۆگرتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ژیاننامەی ناوبراو کراوە، لە تەوەری دووەم و سێیەمیشدا باس لە ئاراستەی هزری مارکسی و ئیسلامیی فازڵ ڕەسوڵ کراوە، هەروەها باس لەو هۆکارانە کراوە کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی هزری ناوبراودا هەبووە.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، بە دەستهێنانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و نزیکبوونەوە لە ڕاستیی هۆکارەکانی گۆڕانی هزری فازڵ ڕەسوڵ لە مارکسییەوە بۆ ئیسلامی، لە پاڵ وەڵامی ئەم پرسیارەدا بە ژیان و ڕۆڵی ناوبراو شارەزا دەبین. بەم شێوەیە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا پاڵپشت بە زانیاریی نێو سەرچاوە ڕەسەنەکان کۆمەڵێک دەرئەنجام بەدەستهاتوون، یەکێک لە سەرەکیترین ئەنجامەکان، دەستنیشانکردنی هۆکاری گۆڕینی هزری فازڵ بووە لە هزری مارکسییەوە بۆ ئیسلامی. فازڵ ڕەسوڵ لە بەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی مێژووییدا، هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ بابەتە هزرییەکانی سەردەمی

خۆی کردووە، لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری وازهێنانی لە هزری مارکسی داوە، ئەم بڕیاردانەی فازڵ، وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە ژیانی ناوبراودا دروستکردووە.

**کلیلی وشەکان:** فازڵ ڕەسوڵ، مارکسیزم، ئیسلامی، وەرچەرخانی هزری.

## ژیانی فازڵ ڕەسوڵ و گۆڕانی هزری لە مارکسییەوە بۆ ئیسلامی

## ١٩٤٩ – ١٩٨٩

### پێشەکی:

کەسایەتییەکان کەم تا زۆر بە جوڵێنەری ڕووداوەکانی مێژووی جیهان دادەنرێن، هەر کۆمەڵگەیەکیش بە گوێرەی هەلومەرجی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکانیان چەندین کەسایەتییان لێ هەڵکەوتووە، لە مێژووی نەتەوەیی کوردیشدا ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی بە ئاراستەی جیاوازی فکری و سیاسییەوە دەرکەوتوون، فازڵ ڕەسوڵ وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد، لە نێو ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە ڕێگەی چالاکییە سیاسییەکانیەوە هەوڵیداوە لایەنە ناکۆکەکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەرێک بۆ ناکۆکییەکانیان بدۆزنەوە، هەروەها لە ڕێگەی نووسین و بابەتە هزری و ڕۆشنبیرییەکانیشیەوە هەوڵیداوە هۆشیاریی نەتەوەیی و هزری بڵاوبکاتەوە. فازڵ پاڵپشت بەو دۆستایەتی و هەماهەنگییەی کە لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەک: (ئەحمەد بن بیلا) (١٩١٦ – ٢٠٢١) و (ئەبو ئەلحەسەن بن ئەلسەدر) (١٩٣٣ – ٢٠٢١)و چەندین کەسایەتیی دیکەی دەرەوەدا

دروستیکردبوو، خزمەتی پرسی لە مێژینەی کوردی کردووە، چ لە کاتی مارکسی بوونی، چ لە سەردەمی هزری ئیسلامی بوونی، زۆربەی چالاکییەکانی لە خزمەت پرسە نەتەوەییەکانی کورددا بووە.

**هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە:** یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی دەگەڕێتەوە کە فازڵ ڕەسوڵ لە کایەی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هەیبووە، لەگەڵ بوونی ئەم ڕۆڵە دیارەشدا کەچی وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو هیچ توێژینەوەیەکی ورد و زانستی لە بارەیەوە نەنووسراوە. بەم هۆیەوە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراو و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بابەتیانە لەسەر ژیان و لایەنە هزرییەکانی ناوبراودا نووسراوە.

**گرنگیی توێژینەوە:** گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە دەرخستن و پەردە لەسەر لادانی ئەو ڕووداوانە دەردەکەوێت کە فازڵ ڕەسوڵ بەشداری تێداکردووە، هەندێ لە بابەتەکانی پەیوەست بە فازڵ هەتاکو ئێستا بە شاراوەیی ماونەتەوە و تەمومژیان لەسەر نەڕەوێندراوەتەوە. یەکێک لەو بابەتانەش هۆکارەکانی گۆڕینی هزرییەتی لە مارکسییەوە بۆ هزری ئیسلامی.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، وەرگرتن و دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ کاریگەربوونی فازڵ ڕەسوڵ بە هزری مارکسی و ئیسلامی، لەم بارەیەوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم وەرچەرخانە هزرییە کۆڵراوەتەوە کە بەسەر فازڵ ڕەسوڵدا هاتووە. ئەو تێرم و بۆچوونانە خراونەتەڕوو کە ناوبراو بڕوای پێیان هەبووە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاریی مێژوویی بەکارهێندراوە، لە چوارچێوەی سەرچاوەکانی پەیوەست بەم ناونیشانەوە، بابەتەکان شیکردنەوە و خستنەڕوویان بۆ کراوە، ئەو بابەتانەی کە

پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەم کەسایەتییەوە هەبووە، جەختیان لەسەر کراوەتەوە، بەگوێرەی بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن شەن و کەوی ڕووداوەکان کراوە

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەرە و چەند دەرئەنجامێک پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە ژیانی کەسایەتیی فازڵ ڕەسوڵ، تەوەرەی دووەم و سێیەمیش تایبەت بە هزری مارکسی و هزری ئیسلامی بوونی فازڵ ڕەسوڵ، لەم دوو تەوەرەدا بابەتە هزرییەکانی مارکسیزم هزری ئیسلامی لە ڕوانگەی فازڵ ڕەسوڵەوە باسکراوە، باس لەو هۆکارانە کراوە کە بوونەتە هۆکاری گۆڕینی هزری فازڵ ڕەسوڵ.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی وەک: دۆکۆمێنت، چاوپێکەوتن، کتێب، یاداشتنامە و بیرەوەرییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی ئەنتەرنێت بەکارهێندراون، لە نێو ئەم سەرچاوانەدا بەرهەمەکانی فازڵ بە شێوەیەکی سەرەکی سوودیان لێوەرگیراوە، لە سەرەکیترین کتێبەکانی: عەلی شەریعەتی ئاوا دوا، هكذا تكلم على شريعتي لەبیست و یەک ساڵیادی شەهید (فازیلی مەلا مەحموود) دا، کوردستان و سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەروەها جگە لە کتێبەکانی فازڵ، چەند ژمارەیەکی گۆڤاری منبر الحوار کە فازڵ خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە سوودیان لێ وەرگیراوە و بە سەرچاوەیەکی گرنگی توێژینەوەکە دادەنرێت. سەرەچاوەیەکی دیکەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنی هاوڕێ و کەسایەتییەکانی نزیک لە فازڵ ڕەسوڵە، ئەم چاوپێکەوتنانە زانیاریی ورد و تایبەتیان لە بارەی فازڵ ڕەسوڵەوە تێدا تۆمارکراوە. ئەم سەرچاوانە و چەند سەرچاوەیەکی دیکە لە لیستی سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا نووسراون.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** لە سەرەکیترین ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە، کەمیی سەرچاوە بووە لە بارەی هەندێ لە چالاکییەکانی فازڵ، بە هەر هۆکارێک بێت هەندێک لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان نزیکایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ فازڵ ڕەسوڵدا هەبووە، ئامادەییان بۆ چاوپێکەوتن و پێدانی زانیاری نەبوو، بۆیە ئەگەر لە هەندێک شوێن کەموکورتی هەبێت ئەوا بۆ پێنەدانی زانیاری و بە نهێنی هێشتنەوەی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە ئامادەییان بۆ هاوکاری و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن تێدا نەبوو. هەروەها گرفتێکی دیکەی بەردەم ئەم توێژینەوەیە لەناوچوونی دۆکۆمێنت و دەستنووسەکانی خودی فازڵ بووە، بەهۆی ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی جێگیرنەبووە، هەموو دۆکیومێنت و دەستنووسە گرنگەکانی لەناوچوونە. بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەی کە دەستکەوتوون توانراوە کەلێنی کەموکوڕییەکان پڕبکرێتەوە گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە کەمکراونەتەوە.

## تەوەرەی یەکەم: ڕەچەڵەک و سەربووردەی ژیانی فازڵ ڕەسوڵ

فازڵ ڕەسول کوڕی مەلا مەحمود حاجی مەلا حاجی ڕەسوڵی مەلا محەمەدی مەلا شەریفی دێلێژییە[1]، لە نووسین و نێو خەڵکیدا بە (فازڵ ڕەسوڵ) ناسراوە، ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە (ڕەسوڵ،٢٠٢٢/٤/١٠). ڕەچەڵەکی بنەماڵەی فازڵ ڕەسوڵ بۆ هۆزی (ئاغا سووری) دەگەڕێتەوە، ئەم هۆزە لە دەوروبەری ناوچە جیاجیاکانی قەرەداغدا ژیاون (نوری، ٢٠٢٢/٦/٢١). بنەماڵەی فازڵ ڕەسوڵ بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کۆمەلایەتی و مەلازادە بوونە، هاوشان ژیانی ڕۆژانەیان لە ڕەوتی زانست و بەدەستهێنانی زانیاری دانەبڕاون، بەردەوام لە خزمەت حوجرە و زانستە شەرعییەکاندا بوونە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ل١٣). بەم هۆیەوە سەرەتا و دەستپێکی خوێندنی فازڵ ڕەسوڵ بۆ حوجرەی

مزگەوتەکان دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی بنەماڵەی فازڵ پێگەیێکی ئاینی و ڕۆشنبیرییان لە نێو شاردا هەبووە، منداڵەکانیان بە زوویی فێری نووسین و خوێندەواری بوونە، بۆیە دەکرێ بگوترێت خوێندنی ئاینی حوجرە ڕۆلێکی دیار و کارای لە پێگەیاندنی فازڵ ڕەسوڵ و ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبووە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ل١٧).

سەبارەت بە خوێندنی فەرمی و چوونی فازڵ ڕەسوڵ بۆ قوتابخانە بۆ ساڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە، لە قوتابخانەی (ئەیوبییە)ی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ڕووی خوێندنەوە فازڵ ڕەسوڵ زۆر زیرەک و لێهاتوو بووە کە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بە پلەی یەکەم تەواوکردووە (مەحمود، ٢٠٢٢/٦/٢١ ). هەروەها لە ڕووی کەسایەتیشەوە منداڵێکی هێمن و ژیر و کۆمەڵایەتی بووە (مەلا مستەفا، ٢٠١٧، ل٦٠ – ٦١). بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەو کاتی عێراق و کوردستان، فازڵ ڕەسوڵ لە تەمەنێکی زووەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکان پەیدادەکات و لە ساڵی ١٩٦٣ تێکەڵ بە کایەی سیاسی دەبێت و چالاکییە ڕێکخراوەیی و سیاسییەکانی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گشتی و ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییان بە تایبەتی ئەنجامدەدات (سابیر،٢٠٢٢، ل٤٧٦). بەم هۆیەوە فازڵ چەند جارێک دووچاری ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن دەبێتەوە، ساڵی ١٩٦٤ لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆیدا دەستگیردەکرێن، دوای ئەوەی هیچ تۆمەتێکی لەسەر ساغنابێتەوە فازڵ ئازادکراوە (محمود،٢٠٢٢/٦/٢١). فازڵ دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت (لۆلۆ،٢٠١٥، ل١٠)و لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە زانکۆی بەغدا دەست بە خوێندن دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستە سیاسییەکان، لە ساڵی ١٩٧٢ ڕوودەکاتە وڵاتی لوبنان، بۆ ماوەیەک لە نێوان وڵاتانی لوبنان، فەرەنسا،

ئەمسا، میسر، عێراق و ئێران لە هاتوچۆدا دەبێت، زانینی زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، ئەلمانی و فارسی ئاسانکارییەکی زۆری بۆ ناوبراو کردووە (محەمەد،٢٠١٩/٧/٢٥). فازڵ ڕەسوڵ لە میانەی چوونی بۆ لوبنان و مانەوەی بۆ ماوەیەک، ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی قدیس یوسف لە بیروت بەدەستهێناوە، هەر لە چوارچێوەی خوێندنی باڵادا ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ڤێنا لە وڵاتی نەمسا بە دەستهێناوە، تێزەکەی بە ناونیشانی: کوردستان و سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە. (نوری،٢٠٢٢/٦/٢١).

سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری، فازڵ ڕەسوڵ ژیانی خێزانی پێکهێناوە، لە هاتوچۆی نێوان لوبنان و نەمسادا، کچێکی نەمساوی بە ناوی (سوزان روکینشاوب) دەناسێت و ساڵی ١٩٧٩ هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات (لۆلۆ،٢٠١٥، ل١٣). وەک ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، بارودۆخی سیاسی و ڕووداوەکانی ئەو کاتەی عێراق و کوردستان کاریگەرییان لەسەر فازڵ ڕەسوڵ دروستکردووە، لە چوارچێوەی ئەم کاریگەرییانەدا فازڵ ئەسپی خۆی تاوداوە، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە دروستکردنی ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسیدا هەبووە، هەروەها بەشدارییەکی کاراشی لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا هەبووە، بۆ وێنە: فازڵ ڕەسوڵ یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی عێراق) (حەمەدەمین، ٢٠١٤، ل٣٧ – ٣٨)، دوای جیابوونەوەی لە کۆمەڵەی مارکسی لینین، فازڵ لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە قیادە مەرکەزییەی حزبی شیوعی عێراقییەوە دەکات، دوای ماوەیەکی کورت لە قیادە مەرکەزیەش جیادەبیتەوە و ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی (الوحدة القاعدة) لە لوبنان دادەمەزرێنن (مامۆستا جەعفەر، ٢٠٢٠، ل١٥٧).

به شێوەیەکی گشتی کاروانی حیزبی و سیاسیی فازڵ ڕەسوڵ هەتاکو ساڵی ١٩٧٩ بووە، ناوبراو لەم ساڵە بە دواوە، بە یەکجاری واز لە ژیانی حیزبایەتی دەهێنێت، ئەم وازهێنانەی نەبۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی لە کاری سیاسی، بەهۆی هەبوونی پاشخان و بڕوانامەی زانستی و سیاسی لە پەیوەندییە ساسییەکانیدا دانەبڕاوە، لە ئاستێکی باڵادا پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی حیزبەکاندا هەبووە، لە کاتی هەبوونی کێشە و ناکۆکیی نێوان حیزبەکاندا بانگهێشتکراوە و پرس و ڕاوێژی پێکراوە، یەکێک لەو هەوڵانەش بانگهێشتکردنی بووە بۆ دانوستاندنەکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی ئێران. لەم چوارچێوەیەدا فازڵ ڕەسوڵ لە پێناو لێکنزیکردنەوەی حیزبەکاندا کاریکردووە. لە ڕووی تێگەیشتن و تێرمەکانی خۆیەوە بۆ نەتەوە، ئاین و ئایدۆلۆژیا باوەکانی وەک مارکسی، هەوڵی کۆکردنەوەی بزاڤە ناکۆک و جیاوازەکانی داوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیداوە زەمینەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بڕەخسێنێت، ئەم هەوڵانەشی لە ساڵی ١٩٨٦ دەستپێکردووە، گۆڤارێکی بە ناوی گۆڤاری (سەکۆی گفتوگۆ/ منبر الحوار) دەرکردووە (مەلا محمود،٢٠١٠، ل٢٣). هەروەها فازڵ ڕەسوڵ لە پاڵ نووسین و دەرچواندنی ئەم گۆڤارەی، کاری لەسەر ئەنجامدانی کۆنفراسێک لە میسر کردووە، ساڵی ١٩٨٩ ئامادەسازی بۆ کردووە، ئامانجی سەرەکیی کۆنفراسەکەی کۆکردنەوەی ئاراستەی جیاوازەکان بووە، هەوڵیداوە ئاراستە جیاوازەکانی نەتەوە، ئاین و مەزهەبی گەلان لە یەکتر نزیک بکاتەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆدا کێشە و جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن و سوود لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان وەربگرن و کاریان لەسەربکرێت (عمارة، ١٩٨٩، ل١٩). لە چوارچێوەی ئەم کار و چالاکییانەی فازڵ ڕەسوڵدا دەکرێت بگوترێت فازڵ ڕەسوڵ قوربانیی بیروبۆچوونەکانی بووە، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان حیزبەکان و لە یەکتر نزیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و وڵاتانی ئێران و عێراق هەموو هەوڵێکی خۆی

خستۆتەگەڕ، لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەیدا لەگەڵ هەریەک لە عەبدولرەحمان قاسملۆ[٢] سکرتێری حیزبی دیموکراتی ئێران و عەبدوڵلای قادری ئازەری[٣] لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان‌دا، لە ڕۆژی پێنجشەمەی ١٣/تەمموزی/١٩٨٩ لە کاتی دانوستاندنکردن لەگەڵ شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە کاتژمێر حەفت و نیوی ئێوارەدا لەلایەن ئێرانەوە تیرۆردەکرێت (الخفاجی،٢٠١٩، ل٣٠٢ – ٣٠٣). فازڵ ڕەسوڵ کۆمەڵێک نووسین و بابەتی هەمەجۆری لەدوای خۆی جێهێشتووە، لە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

تاريخ الحركة الثورة في ايران.

النفط والثورة.

ايران: غربة السياسة والدين.

الحد الفاصل بين السياسة و الثورة.

المنفط والسيطرة في التطور الرآسمالي الراهن على الصعيد العالمي.

هكذا تكلم علي شريعتي (المولى،٢٠٢٢/٦/١٧ ).

الآكراد من الاسلام الى الانقسام في ظل الدول الوطنية الحديث، ئەم بەرهەمەی بەهۆی تیرۆرکردنییەوە بەچاپ نەگەیشتووە.

کوردستان و سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئێران و عێراق بەزمانی ئەلمانی.

جگە لەم بەرهەمانەی کە ئاماژەیان بۆکراوە، فازڵ ڕەسوڵ چەندین وتار و بابەتی جیاوازی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: (ڕزگاری، هاوکاری،

منبر الحوار، النور، الوحدة)دا بڵاوکردۆتەوە. (المولی، ٢٠٢٢/٦/١٧ ؛ ڕەسوڵ، ٢٠٢١، ل١٩ و ٣٥٥ ؛ مەلا محمود،٢٠١٠، ل٢٤).

## تەوەرەی دووەم: فازڵ ڕەسوڵ لە سەردەمی هزری مارکسی بوونی و هۆکارەکانی گۆڕانی هزری لە مارکسییەوە بۆ هزری ئیسلامی

مارکسیزم وەک بیروباوەڕێکی هزریی مرۆڤ، سەرەتا و بنچینەی هزرەکە بۆ کەسایەتیی کاڕڵ مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) دەگەڕێتەوە، بەهۆی ناوەڕۆکی ئەو دروشمانەی کە هزری مارکسی بانگەشەیان بۆ دەکات، لە ئاستێکی فراواندا چینی کرێکاری و چەوساوەی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، کاریگەریی ئەم چینەی کۆمەڵگە وایکردووە، چەند سەرۆک و کەسایەتییەکی جیهانی دەربکەون، ڕێبەرایەتیی ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییەی وڵاتەکانیان بکەن، ماوتسی تۆنگ (١٨٩٣ – ١٩٧٩)، جیڤارا (١٩٢٨ – ١٩٦٧) و فیدڵ کاسترۆ (١٩٢٦ – ٢٠١٦) لە دیارترین کەسایەتییەکان بوونە، ئەم کەسایەتییانە لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی مارکسدا ڕێبەرایەتی چینی کرێکاری و پڕۆلیتاریای کۆمەڵگەکەیان گرتۆتە دەست، لە چوارچێوەی ئامانج و داخوازییەکاندا، پێکهاتەی کۆمەڵگەی خۆیان ئاراستەکردووە، پێیانوابووە کۆمەڵگەکەیان پێویستی بە شۆڕشێکی نوێ و سەرتاسەری هەیە، ئەم شۆڕشەش بە پاڵپشتیی جوتیاران و چینی پڕۆلیتاریا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و کۆڵەگە و بنەماکانی شۆڕش لەسەرپێی خۆیان دەوەستن. (مدبک، ١٩٩٢، ل٦ ؛ مەلا بەختیار،٢٠١٢، ل٤٤)

دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی لە ئاستی ناوخۆی وڵاتانیشدا کۆمەڵێک کەسایەتی دەرکەوتوون، ئەم کەسایەتییانە بە پاشخانی فکری و چالاکییەکانیان کاریگەرییان لەسەر دەوروبەری خۆیان و کۆمەڵگەکانیان هەبووە، یەکێک لەو کەسایەتییە کوردانەی کە لەژێر

کاریگەریی هزری مارکسی چالاکی ئەنجامداوە، فازڵ ڕەسوڵ بووە، سەرەتای ئاشنابوون و تێکەڵاوبوونی بە هزری مارکسی بۆ چەند هۆکار و ڕووداوێکی سەردەمی خۆی دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر هزری فازڵ ڕەسوڵ دروستکردووە، ئەو تەوژمە فکری و شۆڕشگێڕییە بووە کە لەلایەن سەرکردە و ڕابەرانی هزری مارکسییەوە کراون، ئەو بزووتنەوە کرێکارییانەی کە بە پاشخانی هزریی مارکسی چالاکییان دەکرد، چەند سەرکەوتنێکی مەزنیان لە دژی ئیپریالیزمی جیهانی بەدەستهێنابوو، ئەم سەرکەوتنانە دەنگدانەوەیەکی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنابوو، بۆیە کاریگەری لەسەر چینێکی دیاری کۆمەڵگە دروستکردبوو، لە نێو ئەم چینەدا دەستەبژێرێکی خوێندەوار دەرکەوتوون، فازڵ ڕەسوڵ وەک کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو بزووتنەوە و شۆڕشە پڕۆلیتاریانەی کە لە لایەن کەسانی خاوەن هزری مارکسی ڕابەرایەتیکراون. (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ل٥١-٥٢). هۆکارێکی دیکە کە وایکردووە هزری مارکسی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر فازڵ ڕەسوڵ هەبێت و لە تەمەنێکی زووەوە ئاشنایەتی و تێکەڵاوی بە چالاکییەکانی ئەم هزرە ببێت، ژینگەی خێزانی و خانەوادەی ناوبراو بووە، بەهۆی ئەوەی باوک و خانەوادەی فازڵ ڕەسوڵ مەلازادە بوونە، منداڵەکانیان بە زوویی فێری خوێندن و خوێندەواری بوونە، بۆیە برا و ئامۆزاکانی فازڵ، دوای تەشەنەسەندنی دروشمەکانی هزری مارکسی، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر خانەوادەکەی فازڵ دروستکردووە، لەو بارەیەوە فوئاد قەرەداغی دەڵێت: **"فازڵ لە ژێر کاریگەری برا و ئامۆزاکانی خۆیدا بووە، بەهۆی ئەوەی ئەوانیش بە فکری مارکسی گۆشکرا بوون، فازڵیش وەک لاوێکی تازە پێگەیشتوو، ئاشنایەتی لەگەڵ هزری مارکسی پەیدا کردووەو تێکەڵ بە چالاکییەکانی ئەم ڕەوتە مارکسییە بووە".** (قەرەداغی، ٢٠٢٢/٢/١٧).

هەر لە بارەی کاریگەربوون و وەرگرتنی هزری مارکسی لەلایەن فازڵ ڕەسوڵ، پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستان و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی پرۆگرامی حیزبە کوردییەکانەوە هەیە، دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان مانیفێستی هزری مارکسی لە ساڵی ١٩٥٣ هێنایە نێو پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکەی، لە ساڵی ١٩٥٩ لایەنگرانی ئەو بیروباوەڕە بە ئاشکرا کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو هزرە کردووە، ئەو ئەندامانەی کە خۆیان بە مارکسی زانیوە، سووربوون و پێداگریی خۆیان لەسەر پیادەکردنی تیۆری مارکسی کردۆتەوە. (تاڵەبانی، ٢٠١٩، ل٤١٩). پیادەکردن و کارلەسەرکردنی هزری مارکسی کاریگەری لەسەر ئەندامانی حیزب کردووە، بە تایبەت ئەندامە گەنج و تازە پێگەیشتووەکان، لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و زانکۆدا کاریگەریی هزری مارکسییان لەسەر بووە، لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا، فازڵ ڕەسوڵ لە زانکۆی بەغدا قوتابی بووە، نزیکایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڵگرانی هزری مارکسیدا هەبووە، دیارترین ئەو کەسانەی کە لێیانەوە نزیکبووە: شاسوار جەلال (ئارام)[٤]، فەرەیدون عەبدولقادر[٥]، بەکر حسێن[٦] و دارۆی شێخ نوری[٧] بوونە. (عەبدوالقادر،٢٠٢٠،ل٨٠). هەروەها سەچاوەیەکی دیکە کە بوونەتە هۆی تێکەڵبوون و نزیککردنەوەی فازڵ ڕەسوڵ بە هزری مارکسی، بۆ ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەگەڕێنێتەوە کە لە زانکۆی بەغداد لەگەڵ مام جەلال (١٩٣٣ – ٢٠١٧)دا ئەنجامدراون، مام جەلال وەک سروشتی خۆی حەزی لەم جۆرە دانیشتنانە کردووە و جاروبار لە ڕێستۆرانت میوانداری کردوون و کتێب و وەرگێڕدراوەکانی چینی و بیروبۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگی بۆ خوێندوونەتەوە. (عەبدوالقادر،٢٠٢٠، ل٨١). وەک ئەوەی لە سەرچاوەکاندا باسدەکرێت فازڵ ڕەسوڵ بەهۆی کاریگەربوونی بە هزری مارکسی و ماوتسی تۆنگ پەیوەندی بە کونسوڵخانەی چین لە بەغداوە دەکات تاکو ئەدەبیات و پەرتووکەکانی ماوتسی تۆنگ بەدەستبهێنێت. (عەونی، ٢٠٢٢/٤/٥).

ئەو کۆمەڵە قوتابی و لاوانەی کە لە بەغدا دەیانخوێند و نیشتەجێبوون، چالاکیی نهێنی و جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، سەرەتای کار و چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەتی وەرگێڕدراوەوە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای چەپی مارکسییان لە گۆڤاری (ڕزگاری) لە بەغدا بڵاوکردۆتەوە (مەلا بەختیار،٢٠١٢، ل٣٧). هەر ئەم کۆمەڵە گەنج و لاوە بازنەی چالاکییەکانیان فراوانکردووە، لەڕێگای کردنەوەی کتێبخانەی (بیری نوێ) لە بەغدا چالاکییان ئەنجامداوە، ئەو کتێبخانەیە ناوەندێک بووە بۆ کۆکردنەوەی هەڵگران و لایەنگرانی بیری مارکسی، بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی تایبەت بە هزری چەپ و مارکیسیزم، هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە. (تاڵەبانی، ٢٠١٩، ل٤٢٢) هەر ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆری قوتابییانی کورد لە زانکۆی بەغدا، ئەگەر ڕێبازداری بیری مارکیسیزم نەبووبن ئەوا لەژێر کارتێکردنی بیر و هزرەکانی فەلسەفەی ماوتسی تۆنگدا بوونە. (عەونی، ٢٠١٦، ل٢٨٥)

بەم شێوەیە فازڵ ڕەسوڵ لە بیستەکانی تەمەنیدا، بە هزرێکی قوڵەوە تیکەڵ بە بیروباوەڕی مارکسی و تێرمەکانی ماوتسی تۆنگ بووە (جەعفەر،٢٠٢٠، ل١٥٦-١٥٧)، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە فازڵ ڕەسوڵ زیاتر بە پاشخانی هزریی ماوتسی تۆنگ چالاکیی هزری و سیاسی ئەنجامدابێت، دەرکەوتنی ئەم هزرەی لە نووسین و بڵاوکراوەکانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بە تایبەت لە نووسین و بڵاوکراوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ کە لە گۆڤاری (هاوکاری)دا بڵاویکردوونەتەوە، هەندێک لە نووسینەکانی بە ناوی خۆی و هەندێکیشی بە ناوی خوازراوی (نەبەز) بڵاوکردونەتەوە (قەرەداغی،٢٠٢٢/٢/١٧). فازڵ ڕەسوڵ ڕۆڵێکی دیاری لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا هەبووە، لە سەروبەندی دامەزراندنی بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ناوی ڕوانگە لە ١٩٧٠/٤/٢٥ فازڵ ڕۆلێکی گەورەی بینیوە، چەندین وتاری هزری و

ئەدەبی نووسیوە و وەریگێڕاوە و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاویکردوونەتەوە (هیمداد،٢٠١١، ل٣٧-٤٥). لە وتارێکیدا کە لە ژمارە (١٢٩)ی هەمان ڕۆژنامە لە ١٩٧٢/٨/١٢دا بڵاویکردۆتەوە، لەو تارەکەدا خۆی بە هەڵگری ڕێبازی ڕاستەقینەی مارکسیزم وێنادەکات (عارف،٢٠٠٥، ل٢٩٤). کار و چالاکییەکانی فازڵ ڕەسوڵ تەنها لە چوارچێوەی نووسین و وەرگێڕاندا نەماوەتەوە، بازنەی چالاکییەکانی فراوانکردووە، لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیدا وەک یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەر، ڕۆڵی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی سیاسیدا هەبووە، کۆمەڵەی (مارکسی لینینی کوردستان/ عێراق)یان دامەزراندووە، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بەدەستهێنانی مافەکانی چینی کرێکاران و جوتیارانی کورد بووە (ڕەسوڵ،٢٠٢٢/٤/١٠). ئەم دۆستایەتی و گەرموگوڕییەی فازڵ لەگەڵ هزری مارکسی تاسەر نابێت و بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت، لە سەرەتای ساڵانی هەشتایەکاندا ڕوانگەی هزری لە مارکسییەوە بۆ هزری ئیسلامی دەگۆڕێت. تەواوی ئەم بابەتە لە باسی داهاتوودا ڕووندەکرێتەوە.

## تەوەرەی سێیەم: هزری ئیسلامی و کاریگەرییەکانی لەسەر فازڵ ڕەسوڵ و ئاراستەی کارکردنی

وەک ئەوەی لە پێشەوە باسکرا، باوک و خانەوادەی فازڵ ڕەسوڵ بنەماڵەیەکی مەلازادە بوونە، بۆیە فازڵ هەر لە زووەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئایندا هەبووە، لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەیەک تێکەڵاوی هزری مارکسی و چالاکییەکانی بووە، بەڵام لە ماوەیەکی کەم و تەمەنێکی زووی گەنجیدا هەست بە کەموکورتییەکانی بیری مارکسی دەکات، گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوەیەک لە فکری فازڵدا دروستدەبێت. یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی فکری فازڵ هەبووە، دەرکەوتنی ڕەوتێکی کاریگەر و چالاکی ئیسلامی بووە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا

چالاکیی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرفراوان دەبن، فراوانبوونی ئەم چالاکییانە لە بەرئەنجامی جموجۆڵی چەند کەسایەتییەکی وەک جەمالەدین ئەفغانی (١٨٣٨ – ١٨٩٧) و محەمەد عەبدە (١٨٤٩ – ١٩٠٥) بووە لە میسر، هەروەها دوای دروستبوونی کۆمەڵەی (برایانی موسڵمان/ اخوان المسلمون) لە میسر، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر توێژی گەنجان دروستکردووە، ئەم کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخێکی زۆری بە هزری ئیسلامی داوە، بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا دروشم و بیروباوەڕەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بڵاوبۆتەوە (ڕۆدیشتی، ٢٠١٢، ل١١٢-١١٣)، وڵاتی عێراق و کوردستانیش یەکێک لەو وڵات و هەرێمانە بوونە کە ناوەڕۆکی هزری و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەکەیان پێگەیشتووە. (الدباغ، ٢٠١١، ص٦٣ – ٩٧)

بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەو جموجۆڵە هزرییانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق ڕوویانداوە، کۆمەڵێک کەسایەتی کەوتوونەتە ژێر تەوژمی فکریی جۆراوجۆرەوە، یەکێک لەو کەسایەتییانەش فازڵ ڕەسوڵ بووە، سەرەتای ئاشنابوونی ناوبراو بە هزری ئیسلامی بۆ ئەو بارودۆخە فکرییە دەگەڕێتەوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە عێراق دەرکەوتووە، هەروەها ئەو ئازار و نەهامەتیانەی کە بەسەر گەلی کورد بە گشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی داهاتووە، کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی هزری فازڵ دروستکردووە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی سەر گەلی کورد تێکۆشانێکی بێوچانی کردووە، لەوبارەیەوە شێرکۆ بێکەسی شاعێر دەڵێت: لە نەمسا میوانی فازڵ ڕەسوڵ بووم، بە فازڵم گوت: بۆچی لە هزری مارکسییەت لاتداوە؟، فازڵ ڕەسوڵ لە وەڵامدا دەڵێت: "**کاک شێرکۆ من هەرچییەک بکەم بۆ کورد دەیکەم، هەر ڕێگایەک و هەر شوێنێک ئازادیی کوردی تێدا دەستبکەوێت، بێ دوودڵی ڕێگایەکە دەگرمەبەر**". (بێکەس، ٢٠١٣، ل١٤٠)

هەر لەم بارەیەوە فازڵ ڕەسوڵ لە نامەیەکیدا کە بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیوە و دەڵێت: "**بیروڕای مارکسی لینینی بیروڕایەکی ئەوروپاییە و لە وڵاتی ئێمەدا سەوز نابێت، مارکسیزم لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی ئەوروپادا سەریهەڵداوە، زەمینە و بارودۆخی ئەورووپاش لەگەڵ وڵاتی ئێمە جیایە، مێژووی ئاین، شێوەی دروستبوونی کۆمەڵگە و چینە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت و بابەتە نەتەوایەتی و مەزهەبییەکان، لە هزری مارکسیەتدا یان وەڵامیان نییە یاخود ئەگەر وڵامیشیان هەبێت ئەوا وەڵامەکانیان ناڕاستە و زانستی نین، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، بە چاوی خۆمان و بە شێوەیەکی واقیعی هەمووشتێک ببینین**". (فازڵ ڕەسوڵ، ١٩٨٣/٤/٣)

لە ڕوانگەی ئەم قسەیەی شێرکۆ بێکەس و نامەکەی فازڵ ڕەسوڵدا دەکرێ بگوترێت، فازڵ بە پاڵنەری بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد و گەیشتن بە ڕێگای ڕاست، تێکەڵ بە هزری ئیسلامی بووە، هەر لەو بارەیەوە فەرهاد عەونی دەڵێت: "فازڵ ڕەسول زۆر کوردانە بیری دەکردەوە و کوردانەش لە ئیسلام تێگەیشتبوو. بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگای ڕاست و حەقیقەتەکانی ژیان، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هزری فازڵ ڕەسوڵدا ڕوویداوە، بەدەستهێنانی مافەکانی کوردی لە بەرنامە و کاری ئیسلامیدا بەدیکردووە". (عەونی،٢٠٢٠/٩/٢)

هەر لەبارەی گۆڕانی هزریی فازڵ ڕەسوڵەوە، سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: تێگەیشتنی فازڵ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی گۆڕانکاری بەسەر هزری ناوبراودا هاتووە. (المولی،٢٠٢٢/٦/١٧). هەروەها بۆچوونێکی دیکەش جەخت لەوە دەکاتەوەو دەڵێت: فازڵ ڕەسوڵ گەیشتۆتە ئەو

بڕوایەی کە هزری مارکسییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پوکاوەتەوە و تووشی شکست بووە، پێیوابووە کە چەپەکان لە ناوچەکە شکستیان خواردووە و هیچ چارەسەرێکیان بۆ کێشەکان پێ نییە. ئەم بیروڕایەی فازڵ لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، جگە لە ئاینی ئیسلام هیچ فکر و ئایدۆلۆژیایەکی دیکە ناتوانێت پەرتەوازەبوونی کورد یەکبخاتەوە، بۆیە هەر بیروباوەڕێک کە لە دەرەوەی ئاینی ئیسلام بێت، ناتوانێت کێشەکانی تایبەت بە پرسی کورد چارەسەر بکات، ئەم بۆچوونەشی لەوەوە وەرگرتووە کە گەلی کورد گەلێکی دیندارە و بە بیروباوەڕێکی قووڵەوە ڕەگ و ڕیشەی لە ئاینی ئیسلامدا داچەقاندووە (ئەلسەید،١٩٨٩، ل٦-٧ ).

لە سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوەکراوە کە فازڵ ڕەسوڵ لەژێر کاریگەریی بیرمەندانی عەرەبی و ئێرانیدا بووە، بەم هۆیەوە گۆڕانکاری بەسەر هزری ناوبراودا هاتووە، یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هزری فازڵ دروستکردووە، (مونیر شەفیق/١٩٣٤- ) بووە[٨]. ئەم کەسایەتییە ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر فکری فازڵ ڕەسوڵدا هەبووە، ناوبراو پێیوابووە بیری مارکسیەت و هاوشێوەکانی، بە ژینگەی ئێمە نامۆیە و فکرێکی ڕەسەن و هەڵقوڵاوی سروشتیی مرۆڤایەتی نین، بەم هۆیەوە ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لەسەر کۆمەڵگەکان دروستبکەن، ئەو فکر و بیروباوەڕی کەوا گۆڕانکاریی ڕیشەیی دروستدەکات تەنها ئاینی ئیسلامە. فازڵ ڕەسوڵ دوای ناسینی چەند بیرمەندێکی دیکەی لوبنانی، کاریگەرییەکانی هزریی ئیسلامی لەسەر ناوبراو زیاتر دەبن و دەکەوێتە ژێر ئاراستە فکرییەکانی سەردەمی خۆی، (وجیە کەوسەرانی/١٩٤١- )، سعود مەولا/١٩٥٣- ) و ڕەزوان سەید/١٩٤٩- ) لە دیارترین ئەو کەسانە بوونە کە کاریگەرییان لەسەر فازڵ دروستکردووە. بەهۆی ئەوەی لوبنان مەڵبەندێکی گەورەی کۆبوونەوەی ڕەوتە ڕۆشنبیری و هزرە جیاوازەکان بووە، زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرە دیارەکانی هزری مارکسی و ئیسلامی لەو وڵاتە کۆبوونەتەوە، (محمەد،٢٠١٩/٧/٢٥). وازهێنانی فازڵ

ڕەسوڵ لە هزری مارکسی و تێکەڵاوبوونی بە بابەتە هزرییەکانی ئیسلامی، لەلای هاوڕێ مارکسییەکانی شتێکی چاوەڕواننەکراو بووە، وەک بابەتێکی هەژندە (سوپڕایز) وابووە بۆیان، لەوبارەیەوە شێرکۆ بێکەسی شاعێر کە هاوڕێیەکی نزیکی فازڵ بووە، دەڵێت: هەواڵی وازهێنانی فازڵ لە هزری مارکسی، تووشی سەرسوڕمانی کردین، هیچ کات لەو باوەڕە نەبووین کە فازڵ واز لە ڕێبازی مارکسی بهێنێت، دەڵێت: فازڵ یەکێکبوو لە مارکسییە توند و چالاکەکان. (تەها، ٢٠١٦، ل٩٣). هەروەها عێزەدین مستەفای[٩] ئامۆزای دەڵێت: وازهێنانی فازڵ لە هزری مارکسی و تێکەڵاوبوونی بە بابەتە ئیسلامییەکان، تووشی سەرسوڕمانی کردم، فازڵ ڕێبازی مارکسی زۆر بە توندی وەرگرتبوو، شوێنکەوتوویێکی سەرسەختی بنەماکانی مارکس بوو، لە درێژەی بابەتەکەدا دەڵێت: بۆ دواجار ئەو خۆشەویستە نازدارەم کە مەبەست لێی فازڵە لە ساڵی ١٩٨١ لە ڤییەنادا بینی، لە ماوەی گفتوگۆکردنماندا هەستم بەوە کرد کە گۆڕانکاری بەسەر فکری فازڵدا هاتووە و بە تەواوی لە بابەتەکانی هزری ئیسلامی ڕۆچووە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ل١٠١).

بەم شێوەیە دوای وەرگرتنی هزری ئیسلامی، فازڵ کار لەسەر خۆڕۆشنبیرکردن و شارەزاکردنی بە بابەتە هزرییە ئیسلامییەکان دەدات، ئەم شێوە کارکردنەشی لە نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکراوەکانیدا دەردەکەوێت، یەکێک لە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە ناونیشانی: (عەلی شەریعەتی ئاوا دوا) بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا باس لە هزری ئیسلامی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، لەو بارەیەوە هەوڵەکانی عەلی شەریعەتی بەرزدەنرخێنێت، سەرسامی هزری شەریعەتی بووە. (ڕەسوڵ، ٢٠٢١، ل٥٠). فازڵ لە سەرەتای هەندێک لە نووسینەکانی ئاماژە بە وتەیەکی عەلی شەریعەتی دەکات و دەڵێت: خودا ئیسلامی بۆ خزمەتی مرۆڤ ناردووە نەوەکو زەلیلکردنی و بێئیرادەکردنی مرۆڤ. هەروەها لە وتەیەکی دیکەدا فازڵ دەڵێت: مرۆڤ جێنشینی خودایە

لەسەر زەوی، ئاینی ئیسلام لەگەڵ بیر و ئایدۆلۆژیاکانی دیکەی مرۆڤ بەراوورددەکات و دەڵێت: فاشیزم وسۆسیالیزم مرۆڤیان لە لا بێبەهایە و مرۆڤ دەکەنە قوربانی و وەک کۆیلە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکەن. (ڕەسوڵ، ٢٠٢١، ل٥٣)

لە بارەی بیرمەند و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵگە، فازڵ ڕەسوڵ پێیوایە، دەبێت بیرمەند بە بیردۆزەکانی خۆی بناسێت، چونکە ئەگەر خۆی نەناسێت ناتوانێت لە کۆمەڵگە تێبگات و ئەو پەیامە بگەینێت کە خۆی بڕوای پێی هەیە، فازڵ پێیوابوو ئاین ژیان و خەباتێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەبێت باوەڕ بە پرەنسیپەکانی ئیسلام بکەین و فکری ئیسلام لە خورافیات پاکبکرێتەوە، زێدەڕۆیی لە بابەتەکانی ئاینی ئیسلامدا نەکرێت و واز لە بەرەو ڕۆژئاواچوون بهێنرێت (رسوڵ، ١٩٨٧، ل٩٢). هەر لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەکانی فازڵ لە بارەی ئیسلامەوە، دەڵێت: پێویستە ئێمە لە مانای حەقیقەتی ئاینی ئیسلام تێبگەین، لە ڕوانگەی زانست و بەڵگەی شەرعییەوە ئیسلام وەک خۆی بناسین، پێویستە سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوە زانستییەکان وەربگرین، نابێت شتەکان بە پیرۆز تەماشابکرێن، نابێت پەیڕەوی شتێک بکەین کە نازانین چییە و شوێن بیروباوەڕێک بکەوین کە نەزانین لە کوێوە هاتووە. فازڵ ڕەسوڵ پێیوایە حەقیقەتی ئاینی ئیسلام دوورکەوتنەوەیە لە بەڕۆژئاواییبوون و نزیکبوونەوەیە لە بەها بەرزەکانی ئاینی ئیسیلام، پێیوایە ئاینی ئیسلام فرە ڕەهەندە و سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی تێدایە، نکوڵی لە هیچ بابەتێک ناکات و یاسای تایبەتی بۆ سروشت و بوونەوەرەکانی سەر زەوی ڕێکخستووە، لەبەر ئەوە ئیسلام ئاینی شارستانیەتە و قورئانی پیرۆزیش باشترین بەڵگەی بێکەموکورتییە، بۆ تێگەیشتن لەم جۆرە بابەتانە وا پێویست دەکات لە دوو لایەنەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە بکرێت؛ یەکەمیان قورئانی پیرۆز و دووەمیشیان گرنگیدان بەو پەرەسەندنە مێژووییانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د. خ)ەوە تاوەکو

ئەمڕۆ ڕوویانداوە (ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ل١١٢-١١٤). فازڵ ڕەسوڵ دژی هەموو دەمارگیرییەکی ئاینی بووە. لەو بارەیەوە هەوڵەکانی عەلی شەریعەتی بەرزنرخاندووە، ڕەخنە لە دەوڵەتی سەفەوی دەگرێت و شیعەگەری بە دووبەرەکی و تێکدانی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی موسڵمانان دادەنێت، پێیوایە ئەو جۆرە دووبەرەکییانە خزمەت بە دوژمنانی ئیسلام دەکات (رسول، ١٩٨٧، ل٤٦).

فازڵ ڕەسوڵ پرسی کوردی لە ڕوانگەیەکی هزریی ئیسلامییانەوە تەماشاکردووە، (ئەحمەد بن بیلا/١٩١٦-٢٠٢١ )[١٠] لەو بارەیەوە دەڵێت: فازڵ ڕەسوڵ هەوڵیداوە ئالنگارییەکانی پرسی کورد لە چوارچێوەی دەق و بنەماکانی ئاینی ئیسلامدا چارەسەربکات، بە هۆکاری ئەوەی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کورد زۆرینەیان موسڵمانن، بۆیە دەبێت لەسەر بنەماکانی ئاینی ئیسلام پرسی کورد یەکلابکرێتەوە و بە تەنها میتۆدی هزری مارکسیزم پرسی کورد چارەسەرنابێت (ئالای ئیسلام، ١٩٨٩، ل١٦). هەروەها ڕەزوان ئەلسەید لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری (المنبر الحوار)دا بە ناونیشانی: (فاضل رسول وسياسات الاسلام)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بارەی فازڵ ڕەسوڵەوە نووسیویەتی و دەڵێت: فازڵ ڕەسوڵ بۆچوونی وابووە، ئەگەر ئیسلام لە سیاسەت و کلتووری دەوڵەتان کۆتاییپێهاتبێت، بەڵام لەلای گەلی کورد کۆتاییپێنەهاتووە، فازڵ ڕەسوڵ لە بۆچوونێکی دیکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: ئەگەرچی زۆربەی پارتە کوردییەکان دروشمی ناسیۆنالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام باوەڕی زۆرینەی کوردەکان ڕەگی لە ئاینی ئیسلامدا داچەقاندووە و سیمای ئاینداریيان لە شێوەی ژیانی ڕۆژانەیاندا دەردەکەوێت. (ئەلسەید، ١٩٨٩، ٦). وەک ئەوەی لە بۆچوونەکانی هزری ئیسلامییانەی فازڵ ڕەسوڵدا تێبینیدەکرێت، بەهۆی ئەو ئازار و مەینەتییانەی کە بەسەر گەلی کورد داهاتووە، کاریگەرییان لەسەر ناوبراو دروستکردووە، بەم هۆیەوە دوای بەراوردکردنی نێوان هزری مارکسی و ئیسلامی، لە هزری مارکسی

بێهیوادەبێت و ڕوو لە بابەتەکانی هزری ئیسلامی دەکات، بەو هیوایەی بتوانێت شتێک بۆ گەلەکەی دەستەبەربکات. کاوە ڕەسوڵ[11] لەسەر زاری فازڵی برایەکەیەوە دەڵێت: فازڵ بیرکرنەوەی وابوو دەیگوت: ئێمە موڵکی میللەتەکەمانین، بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە مافەکانی میللەتەکەم ئامادەم هەموو ڕێگایەک بگرمەبەر، تەنانەت ئەگەر بە گیانشم بێت. بەم شێوەیە فازڵ هەر لەو ڕێگایەوە، لەسەر ئەو بیر و هزرە کوردانەیەی سەرینایەوە و لە ڕۆژی (پێنجشەمەی ١٣/تەمموزی/١٩٨٩)ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**ئەنجام:**

فازڵ ڕەسوڵ یەکێکبووە لە کەسایەتییە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانی کورد، سیاسی و ئەکادیمییەکی دیاری نێو کایەی ڕۆشنبیری و ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق و ئێران بووە.

فازڵ ڕەسوڵ بە دوو وێستگەی هزریدا تێپەڕیوە، پابەندییەکی توندوتۆڵی بۆ هەر دوو هزری مارکسی و ئیسلامی هەبووە، بە باوەڕێکی پتەو و خۆڕاگرییەوە کاری لەسەر بابەتە هزرییەکانی خۆی کردووە و بەرگری لێکردووە.

فازڵ ڕەسوڵ هزری مارکسی لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەو کتێب و نووسراوانەوە وەرگرتووە کە لە تەمەنی گەنجایەتیدا خوێندوونەتیەوە، دوای ئاشنابوونی بە هزری مارکسی، لەژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتە شۆڕشگێرییەی کە لە جیهاندا دەرکەوتبوو، بەرگری لە مافی جوتیاران و چینی پرۆلیتاریای کردووە.

دوای سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان، لە ڕێگەی ناسینی چەند کەسایەتییەکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بابەتە هزرییەکانی ئیسلام پەیدادەکات

و چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی لە ڕوانگەیەکی هزری ئیسلامییانەوە ئەنجامدەدات.

گۆڕینی ئاراستەی هزریی فازڵ ڕەسوڵ لە بەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی مێژوویی بووە، هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ بابەتە هزرییەکانی سەردەمی خۆی کردووە، لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری وازهێنانی لە هزری مارکسی داوە.

بە ڕەچاوکردنی دابونەریت و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و کۆمەڵگە، هەوڵیداوە کێشەکان چارەسەر بکات و لایەنەکانی پەیوەست بە کێشە و ڕووداوەکان لە یەکتر نزیکبکاتەوە.

فازڵ ڕەسوڵ لە کار و چالاکییەکانیدا دووڕوو نەبووە، کاری لەسەر ئاراستەیەکی هزری کردبێت بە ڕاستگۆیی و متمانەبەخۆبوونەوە کارەکەی ئەنجامداوە و بابەتەکانی هزری دیکەی تێکەڵ کارنامەکەی نەکردووە.

فازڵ ڕەسوڵ بابەتە هزرییەکانی خۆی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد، هەموو هەوڵێکی داوە و هەموو ڕێگەیەکی تاقیکردۆتەوە، تاکو لە ئەنجامدا گیانی خۆی لەسەر بیروباوەڕەکەی داناوە و لە (١٣ تەمموزی ١٩٨٩) لە کردەوەیەکی پیلان بۆ داڕێژراودا کۆتایی بە ژیانی هێندرا.

**پەراوێزەکان:**

١. دێلژە: گوندێکە، دەکەوێتە ناوەندی قەزای قەرەداغی پارێزگای سلێمانی، لە باکوور لەگەڵ گوندی سۆڵەی تازە، لە باشوور لەگەڵ گوندی گۆمەزەرد و لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ گوندی سۆڵەی دەربەند و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ گوندی ژاڵەی دەربەند هاوسنوورە (دێلێژە،٢٠٢٠/٢/٣).

٢. عەبدولڕەحمان قاسملۆ: سەرکردەیەکی سیاسیی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ئورمیە لەدایکبووە، بڕوانامەی دکتۆرای لە ساڵی ١٩٦٢ لە پڕاگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٤٥ بە دامەزاندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەستی بە کاری سیاسی کردووە، ساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی پارتی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، لە کۆنگرەی سێیەمدا، زۆرینەی دەنگی پارتەکەی بەدەستهێنا و تامردنی سکرتێری گشتیی حزب بووە. (خالید عزیزی، ٢٠٢٢/٥/٧)

٣. عەبدوڵا قادری ئازەری: سیاسەتمەدارێکی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستانە، ساڵی ١٩٥١ لە شاری نەغەدە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٨ بۆتە ئەندامی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، نوێنەری هەمان پارت بووە لە فەرەنسا تا ساتی تیرۆرکردنی لەگەڵ قاسملۆ و فازڵ ڕەسوڵ بووە (پڕۆنوونهووبێر،٢٠٠٩،ل٢٥).

٤. شاسوار جەلال (ئارام): ناوی شاسوار جەلال سەعید غەنی ناسراو بە (ئارام)، ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەدایکبووە، کۆلێژی بازرگانیی زانکۆی بەغدای لە ساڵی ١٩٧٠ تەواوکردووە، ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان/ عێراق بووە، ساڵی ١٩٧٨ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ حکومەتی بەعس و لە ناوچەی قەرەداغدا دەکوژرێت. (تاڵەبانی،٢٠٢٢/٦/٢١)

٥. فەرەیدون عەبدولقادر: سیاسەتمەدار و نووسەرێکی کوردی باشووری کوردستانە، ساڵی ١٩٤٧ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، یەکێکبووە لە

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، ساڵی ١٩٨٣ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) (عەبدوللا، ٢٠٠٨، ل١١١).

٦. بەکر حسێن: کەسایەتییەکی دیاری شاری سلێمانییە، سەرەتای کار و چالاکیی سیاسی بۆ ساڵی ١٩٦٢ دەگەڕێتەوە، لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کاریکردووە، یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسینی - لینینی کوردستان/ عێراق. (قەرەداغی، ٢٠٢٢/٢/١٧)

٧. دارۆی شێخ نوری: ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٠ ئەندامی (ی. ق. ک) بووە بۆ ماوەیەک لەگەڵ شەهابی برای لە گرتوخانەی ئەبوغرێب زیندانیکراوە، دواتر شەهابی برای لەسێدارەدراوە، ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە، ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ئەندامی (ی. ن. ک)و لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٨ بۆتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە (باخەوان، ٢٠٠٩/٦/٢).

٨. مونیر شەفیق: بیرمەندێکی عەرەبی فەلەستینییە، ساڵی ١٩٣٤ لە دایک و باوکێکی مەسیحی لەدایکبووە، شوێنکەوتەی فکرەی چەپی (شوعیەت) بووە، بەهۆی ئەم فکرە چەپە مارکسییەوە بۆ ماوەیەک زیندانیکراوە، دواتر ئاراستەی هزری و ئاینی دەگۆڕێت و دەبێتە موسڵمان. (محەمەد، ٢٠١٩/٧/٢٥).

٩. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ: نووسەرێکی دیاری باشووری کوردستانە، ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بڕوانامەی دکتۆرای لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕوسیا بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٩٢ بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، خاوەنی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری مێژوویی ئەدەبییە. ساڵی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد (ڕەسوڵ،١١،٢٠٠٦).

١٠. ئەحمەد بن بيلا: يەكەمين سەرۆكی جەزائير بووە لە ساڵی ١٩٦٢. ساڵی ١٩١٦ لەدايكبووە، دوای كودەتای ساڵی ١٩٦٥ بە هۆی چەند تۆمەتێكەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، تاكو ساڵی ١٩٨٠ زيندانيكراوە، ساڵی ٢٠٢١ لە تەمەنی ٩٦ ساڵيدا كۆچی دوايی كردووە. (الجزيرة، ٢٠١٤/١٢/٢٤ ).

١١. كاوە رەسول: برای بچووكی فازڵە، لە ١٩٥٦/١/٧ لە سلێمانی لەدايكبووە، بەشی زمان و ئەدەبی كورديی زانكۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ تەواوكردووە، ساڵی ١٩٨٣ وەک مامۆستا دامەزراوە، ساڵی ١٩٨٥ بە هۆكاری بەبەعسينەبوونی لە كارەكەی دوورخراوەتەوە، ساڵی ١٩٨٦ كوردستانی جێهێشتووە و چۆتە وڵاتی نەمسا، تاكو ئێستا لەوێ نيشتەجێيە (ڕەسول، ٢٠٢٢/٦/١٠).

**سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامەکان:**

- نامەیەکی دەستنوسی فازڵ ڕەسوڵ بۆ سەربەست بامەڕنی هاوڕێی،باس لەژیانی خۆی دەکات لە١٩٨٣/٤/٣ .

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- الخفاجي، فايز الخفاجي، ٢٠١٩، الاغتيالات السياسية لكورد العراق (١٨٣٨-٢٠٠٣)، الطبعة الاولى، المطبعة دارسطور، بغداد .

- رسول، فاضل رسول، ١٩٨٧، هكذا تكلم على شريعتى، الطبعة الثالثة، المطبعة دار الكلمة للنشرة، بيروت، لبنان.

- مدبک، جورج مدبک، ١٩٩٢، ماوتسی تونغ، دار الراتب الجامعية، - بيروت، بدون مكان الطبع .

- الدباغ، ايمان عبدالحميد، ٢٠١١، الاخوان المسلمون في العراق ١٩٥٩ – ١٩٧١، الطبعة الأولى، دار المأمون للنشر والتوزيع، اردن.

**سەرچاوە کوردییەکان :**

- ئەحمەد،برایم ئەحمەد، ٢٠١١، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- بێکەس، شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٣، نوسین بەئاوی خۆلەمێش، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، بەرگی دووەم.

- پڕۆنونهوبێر، کارول پرونهوبێر، ٢٠٠٩، خولیاو مەرگی قاسملۆی کوردان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- تاڵەبانی، جەلال تاڵەبانی، ٢٠١٩، دیداری تەمەن (لەلاویەتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری)، چاپی چوارەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیابین، سلێمانی، بەرگی یەکەم و دووەم.

- حەمەدئەمین،ئەحمەد حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ڕەوتی چەپ لەباشوری کوردستان (کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنمونه)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- ڕەسول، فازیل ڕەسول، ٢٠٢١، عەلی شەریعەتی ئاوا دوا، وەرگێران: خالید مەجید فەرەج، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- ڕەسول، عێزەدین مستەفا، ٢٠٠٦، بەشێک لە یاداشتەکانم، چاپی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی.

- ڕەسول، فازڵ ڕەسول، ٢٠٢١، کوردستان و سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەرگێران: خالید مەجید فەرەج، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- ڕەسوڵ، فەتاح ڕەسوڵ، ١٩٩٤، چەند لاپەرەیێک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد (ڕووداو بەڵگەنامە ١٩٨٢-١٩٩٠)، چاپی یەکەم، سوێد، بەرگی سێیەم.

- سابیر، محەمەد سابیر، ٢٠٢٢، بیرەوەرییەکانم لە غوربەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

- عارف، حسێن عارف، ٢٠٠٥، ڕوانگە و یاران و نەیارانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- عەبدوڵلا، فەرەیدون عەبدولرەحیم، ٢٠٠٨، بارودۆخی سیاسی کوردستان عێراق ١٩٧٠-١٩٧٤)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠١١، بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵەشەهاب و هاوڕێکانییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی.

- عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠٢٠، هەلۆ سوورەکانی قەندیل، چاپخانەی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی.

- عەونی، فەرهاد، ٢٠١٦، ڕۆژگارم ئاوا تێ پەڕی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، بەرگی یەکەم.

- گەوهەی، حامید، ٢٠١١، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا ١٩٧٩-١٩٨٩، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، بەرگی یەکەم و دووەم .

- لۆلۆ، جەمال، ٢٠١٥، ئەلبوومی چراکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەحوی، سلێمانی.

- مامۆستا جەعفەر، فازل کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٠، بە خەونی گەورە کەوتینە ڕێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، بەرگی دووەم.

- مۆریاس، تالیب، ٢٠٠٤، گەڕان بە دوای ڕاستیدا (یاداشتنامەی پێشمەرگەیێکی ماندونەناس) ڕوداوەکانی نێوان سالآنی ١٩٩٣-١٩٩٦، چاپخانەی پاک، هەولێر، بەرگی یەکەم.

- مقبل، عبدالعلی، ٢٠١٧، مارکس کێ بوو؟ (ژیاننامە)، وەرگێران: مەجید مارابی و جواد حەیدەری، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- مەلا بەختیار، ٢٠١٢، چۆن چەپکێک و کام کۆمەڵە؟!، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی سلێمانی.

- مەلا مستەفا، فاروقی مەلا مستەفا، ٢٠١٧، بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان.

- مەلا محمود، ٢٠١٠، شەهید دکتۆر فاضل مەلا محمود، لەبیست و یەکساڵیادی شەهید (فازڵی مەلا مەحموود)دا (بەلگەنامە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- هیمداد، هیمداد حوسێن، ٢٠١١، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعێرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەکوک.

## گۆڤارەکان:

### بە زمانی کوردی:

- مەجید موارادی رۆدیشتی، مێژووی ئیسلامگەرایی هاوچەرخ، گۆڤاری ئایدیاوالا،وەرگێران بۆ کوردی : کارزان محەمەد ، ٢٠١٢، ژمارە٣٢، شوێنی چاپ سلێمانی .

**به زمانی عەرەبی:**

- بدون الكاتب، الشهيد فاضل رسول، ئالآی ئیسلام، سنة ١٩٨٩، العدد ٣-٤، سليمانی .

- فاضل رسول، المسالة القومية والطائفية، منبر الحوار، العدد ١٠، السنة ١٩٨٨، بيروت.

- رضوان السيد، فاضل رسول وسياسات الاسلام، منبر الحوار، العدد ١٤، السنة ١٩٨٩، بيروت.

- محمد عمارة، الحوار بين الاسلاميين و العلمانيين، منبر الحوار، العدد ١٥، السنة ١٩٨٩، بيروت.

**چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی:**

- شێخ ئەشرەف تالەبانی، سلێمانی لە ٢٠٢٢/٦/٢١

- نوری مەلا محمود، سلێمانی لە ٢٠٢٢/٦/٢١

- ئاراس نوری مەلا محمود، سلێمانی لە٢٠٢٢/٤/١٠

- فواد قەرەداغی، پەیوەندی تەلەفۆنی،٢٠٢٢/٢/١٧

- کاوە ڕەسوڵ، پەیوەندی تەلەفۆنی،٢٠٢٢/٦/١٠

**نامە کەسییەکان:**

- سعود المولی، لوبنان، ٢٠٢٢/٦/١٧

- خالید عەزیزی سکرتاریەتی (ح د ک ا )، ٢٠٢٢/٥/٧

- ئاراس نوری، سلێمانی،٢٠٢٢/٦/١٣

**سایتە ئەلکترۆنیەکان :**

- هاوڕێ باخەوان، دارۆی شێخ نوری، https://www.kurdipedia.org ٢٠٠٩/٦/٢
- فەرهاد عەونی، فازڵ ڕەسول کوردانە لە ئیسلام تێگەیشتبوو، www.diplomaticmagazine.com ٢٠٢٠/٩/٢.
- الجزيرة، https://www.aljazeera.net ٢٠٢٢/٥/٢٧
- دیلێژە، https://www.wikiwand.com ٢٠٢٠/٢/٣
- سەردار محەمەد، فازڵ ڕەسوڵ و شەهیدی گوماناوی، https://www.awene.com٢٠١٩/٧/٢٥
- اللواء حسام لوقا، من هو رضوان السيد، https://m.msry3net.com٢٠٢١/١١/١٥.

**الملخص:**

فاضل رسول كسياسي أكاديمي وقارئ مثقف، كان شخصية في الأحداث السياسية على المستوى الداخلي للعراق والدول الإقليمية والدولية، مثل: إيران ولبنان ومصر وألمانيا والنمسا، وعلى الرغم من أنه لم يعرض الأنشطة السياسية إلا أن مهاراته والتزاماته الفكرية قادته إلى إجراء اتصالات مباشرة مع الشخصيات السياسية والمفكرين .أدى نشاطه وقربه من الشخصيات السياسية إلى التحقق والبحث في حياة فاضل رسول ووجهات نظره الفكرية .تم إجراء هذا البحث تحت عنوان: حياة فاضل رسول وتغيير فكره من الماركسية إلى الإسلام ١٩٤٩-١٩٨٩، ويتضمن ثلاثة مباحث: في المبحث الأول تم مناقشة سيرته الذاتية، وفي المبحث الثاني والثالث تم الحديث عن الاتجاه الفكري الماركسي والإسلامي لفاضل رسول، كما تم الحديث عن العوامل التي أثرت على تغيير فكره.

من خلال هذا البحث، واستنادا إلى معلومات من المصادر القيمة، تم الحصول على مجموعة من النتائج، وكان من أهم النتائج، تحديد سبب تغير فكر فاضل من الفكر الماركسي إلى الإسلامي، ففاضل رسول، نتيجة لقراءة تاريخية عميقة، قدم تقييما دقيقا للموضوعات الفكرية في عصره، وعلى هذا قرر مبدأ التخلي عن الفكر الماركسي، وهذا القرار يمثل نقطة تحول جذرية في حياة فاضل .

كلمات مفتاحية: فاضل رسول، الماركسية، الإسلام، التحول الفكري.

**Abstract:**

Fadhil Rasul, as an academic politician and intellect, has been considered as a well-known political figure in the events within Iraq, regional countries as well as on an international level such as, Iran, Lebanon, Egypt, Germany and Austria. Despite of his membership in the political parties, but he hasn’t campaigned for political activities. The primary motivation for doing a study on Fadhil Rasul's biography and intellectual mindset was his competency and intellectual mindset, which allowed him to establish direct relationships with intellectuals and politicians.. This study is entitled "The Biography of Fadhil Rasul and his Mindset Shift from Marxism to Islamism 1949-1989". Thus, the study is organized into three chapters, the first chapter is concerned with his biography, while the second and the third chapters are devoted to a detailed account of Rasul's direction of Marxism and Islamic intellect. Further, the main reasons behind his intellect shift are discussed. Hence, depending on numerous authentic sources, the study has come up with certain conclusions, such as, specifying the reason behind his intellect shift from Marxism to an Islamism, in which due to a profound historical reading and his precise assessment to the intellectual issues at the time, led him to experience a dramatic change in his life as well as a shift from Marxism to Islamism.

Keywords: Fadhil Rasul, Marxism, Islam, Intellectual transformation.